# زەم

عەبوو ڕاوەند



تابلۆی هونەرمەند هاوار ئەمینی

٣٠ی کانوونی یەکەم ٢٠٢٣ چیرۆک

١

لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا کە دراوسێ و درگا بە درگا بووین زۆرینەی شتەکانی یەک ئاگادار بووین، لانیکەم شەوێک جارێک لە پەنجەرەکانەوە بۆ ماڵی یەکمان ڕوانیبوو. دایکم ئەڵێ ساڵێک سێ شەو ناکەوێتە ماڵۆ و لە ماڵی

خۆیدا دانانیشـــێ، ئەڵێ بەخوا ســـووک و ترۆ بووە و ماڵی ئەحای لێبەدەر کە، ژێر پێی کردوون، کەس درگای لێ ناکاتەوە، بەخوا بۆیە ماڵی ئەوانیش ئەچێ بۆ عەیب هەڵگرتن ئەنا دڵســـۆزی کەس نییە. ئەو ڕۆژێک دە جار بە قوون و کوزی منداڵەکانی خۆیەوە ئەکا، بە درۆ منداڵی خەڵک بە ســـینگییەوە ئەنێت و هەڵی ئەگووشـــێ و ماچی ئەکات، تەنیا بۆ چڵکاوخواردنە ئەنا کەســـی خۆش ناوێت و بە کەســـەوە نەســـووتاوە، ئەڵێ ئەوە، ئەوە تەنیا من ئەیناســـم. قەزای تمەنێک لە دایک و باوکی ئەخات. هەر ئەو کەســـەس لە نەخۆشـــخانە لە کاتی حەسێو و کتێودا باوکی جێهێشت و سێ ڕۆژ دوای پرسەکەی دایکی، لەسەر پووڵ دە جار کردی بە گۆڕێو. دایکم بەکوڵ بوو بۆی دیار بو قســـەی تازەی لێ بیستبوو، یا فیتنەیی یا تانە یا تەشەر ...

هێشـــتا قســـەکانمان تەواو نەکردبوو خۆی بە ماڵدا کرد، جۆرێکمان لێ هات وامانزانی قســـەکانی بیســـتووین، ئەگەریش گوێی لێ بووبێ خۆی لێ کەڕ کردبوو، چوون قسەی پێ بوو، لە هەموو شتێک ئەگوزەرا تا قسەکانی بکا، ئەو حازر بوو هەر نرخێک بدا تا قســـەکانی بکا. لە تەواوی ژیانما لەگەڵ زۆرینەی ئەو باســـانەی ئەیکرد هاوڕا بووم، هەموو کەســـێکی لە ڕادەبەدەر ئەناســـی بە وردبینییەکی لە ڕادەبەدەر هەڵســـوکەوتی گشـــتی خســـتبووە ژێر چاودێرییەوە، ئەو وردبینییە کردبوویە جەلادێک بەرامبەر بە گشـــتی، هیچ کەســـێک بێ تاوان نەبوو تا دەســـت و دەمی لێ بپارێزێ. ئەوەندە زوو هات کە هێشـــتا شـــێومان نەکردبووەوە، دایکم ئەڵێ بۆیە زوو یەت تا بزانێ خەڵک چی ئەخوات و چی ناخوات، بەشێکی زۆری ناسینی خەڵک لە ناسینی سەر سفرەکانیانەوە دەست پێ ئەکات. وتم هێشتا شێومان نەکردۆتۆ.

شـانی نابووە سـەر دوو سـەرین و دوو قاچی بە لادا ڕاکێشـابوو کە پاژنەی پێیەکیانی نابووە سـەر قولاپەی ئەو پێکەی، قەپی بە لێوی سـەرووی خۆیدا ئەکرد و ئەیگەسـت بە دیانی و پێسـتی وشـکی لێ ئەکردەوە، ڕوانینەکانی ماق مابوو بەو شێوە کە ڕوون نەبوو بۆ کوێ ئەڕوانێ.

وتی ماڵێک ژنی تیا نەبێت ژەم و دەمی مەعلووم نییە، پیاوی بێ ژن وەک گورگ ژەمێک تێرە و دوو ژەم برسـی. پیاو بەلای منەوە هەمیشـە دووربینە و ژنیش نزیکبین، تۆ لە ڕادەبەدەر دووربینی، ژیان لە پەنجا سـاڵی ترا ئەبینی، بۆیە لەم ڕۆژانە و ڕۆژە نزیکەکانت بێئاگای، قەبری تۆ لە ئێسـتاتدایە و ماڵ و ژیانت لە داهاتووت. دووربینی باشـە بەڵام نە وەک ئەوەی تۆ. وتی دووربینی ترسی مرۆڤ زیاو ئەکا، تۆ لە ژیان ئەترسی بۆیە ژن ناهێنی، بە حاڵەتی گاڵتە و شۆخییەوە وتم بااااڵڵێ وایە.

سفرەکەم ڕاخست و لە بەرچاویا دەسم بە نان خواردن کرد، ئەو قسانەی پێی بوون هەڵی ڕشتن، دەسی پێ کرد، خۆی پێ نەگیرا هەستایە سەر پێ، تا جوان حاڵەتەکان دەربێنی، وەها وەک خۆی لاسـایی ئەکردنەوە هەم پێئەکەنیم هەم سـەرم سـووڕ مابوو. دانیشـتەوە، درێژەی دا، شـی کردەوە، وردی کردنەوە، ڕاستی ئەکرد منیش هەر وەهام بیر ئەکردەوە، جەلاد و بکوژەکان ڕاستگۆترین و وردبینترین مرۆڤەکانن، ڕێک لە ناو چرکەکاندا ئەژین و بڕیارەکان ئەدەن، بڕیاری ئەم چرکە ناخەنە چرکەیەکی تر، وەک شـێت لە شـوێن و کاتی خۆیدا

کاردانەوەیان ئەبێت، لە ڕاستیدا لەو کاتەدا بە مێشکمدا هات کە ئەمە ئەتوانێ وڵاتێکیش بەڕێوە ببات، وتم جەلاد و دیکتاتۆرێکی بەجێگەس.

لە شەوقی قسەکانی تام و چێژی چێشتەکە زیاتر بووبوو لە دەمما، پاروویەک لە دەمما بوو، پاروویەک لە دەستما، ڕووی تێکردم و وتی ئەیچی تۆ خۆت بە نووسەر ئەزانی قسەکانی من بنووسە، تۆ من بگێڕەوە بۆ خەڵک، من ئەزانم ئەم خەڵکە چین، کاتێک وای وت بیرم کردەوە کەسێک هەموو ئەم خەڵکە بناسێ و بزانێ چین، گشتی خۆی ئەناسێت و ئەزانێ چییە و کێیە. بۆ ئەوەی هەڵە و کەموکوورییەکانی خۆت دەرکەوێت تەنیا پێویستە هەڵە و کەموکوورییەکانی خەڵک ببینیت و زەقی کەیتەوە، ئەو کات تاوانەکانت گەورەتر و زیاتر ئەدرەوشێنەوە.

وتم ئەیانووسم بە زیاوەوە، بڕوای نەکرد و دیسان دەسی پێ کردەوە، بە وردکردنەوە، تا زیاتر دڵنیام کاتەوە کە بیانووسم، وتم ئەیاننووسم، لە سەر داوای خۆی بوو کە نووسیم.

نانەکەم خواردوو و تەواو بووم، هەڵسامەوە و دەسم بە لابردنی کاسە و کەوچک و کۆکردنەوەی سفرەکە کرد، بەدەم کۆکردنەوەوە چاوی ئەگێڕا بە دواما و بۆی ئەگێڕامەوە، لامبردن و هاتم لە شانیەوە دانیشتم و جگەرەیەکم هەڵکرد و وتم دەی ئێستا بەخێر بێی.

دایکم لەوبەرمانەوە پاڵی دابووەوە و تەماشــای ئەکردین. ترســابوو لەوەی کە من بڕوا بە قســـەکانی بکەم و نەیەزانی من چۆن بیر ئەکەمەوە، لە ڕوانین و چـاوەکـانییەوە دڵنیـا بووم کە ئەیوت بەخوا کە قەبر بە خۆیەوە نـایگرێـت و تووڕی ئەداتە دەرەوە.

٢

دوای ئەو شــەوەی کە ڕۆیشــتەوە دایکم وتی ئەم کاســە لێســەی چڵکاوخۆرە سفەت و بەقای بۆ کەس نییە، نانخۆر و سفرەدڕ، وەک پشیلە گوو بە خاوەنی خۆیا ئەکا، ئاخر بێژە تۆ خۆت چیت ئەم هەموو دەمەلاسکێ و دەملارکردنەوەت لە خەڵک، شـێتەی بەرەڵڵا. هەر لە دایکە شـێتەکەی ئەچێت ئەویش تابوو دەمی لە خەڵک لار ئەکردەوە، ئەوەی وا دەم لە خەڵک لار ئەکاتەوە خۆی دەمی لارە، بوختانچی و کەتم کەرانە، بۆیە خوا سڕی هەڵماڵیون.

جگەرە و ژێرجگەرەکم هەڵگرت و هـاتمە ژوورەکەی خۆم، دایکم هەر لەبەر خۆیەوە ئەیوت، دیانە دەسکردەکانی لە دەمی دەرهانی و خستیە جامێ ئاوەوە، قومێ ئاوی لە دەمی ڕادا و هـاتەوە هـاڵەکە، جێ و پێخەفەکەیم بۆ ڕاخســـت، چووم درگـای دەرەوەم پشـــت خســـت و چراکانم کوژاندەوە، لە ســـەر دۆشـەکەکەی دانیشبوو و جگەرەیەکی داگرساندبوو، پرسیم کە بیانکوژێنمەوە، کوژاندمەوە، مژێکی لە جگەرەکەی دا و لەناو تـاریکیی هـاڵەکەدا گەشـــایەوە، هـاتمە ژوورەکەی خۆم و درگـاکەم پێوەدا، هەر لەبەر خۆیەوە ئەیوت؛ خوایە

بێ ئیمان نەمانکوژی، خوایە من چاوم لە هیچۆ نەبووە بە قسـەی خەڵک، ئەو ڕۆژە خۆی پڕی داوەتە ئەو ژنە کرێکارە، شـەواڵپیسـی دایکەخۆگێ، وەیەک ها بە ناوچاویۆ. نەمزانیبوو کە دایکیشـم بیسـتوویەتی، کاتێ وتی دایکەخۆگێ هێندەی تر لە بەرچاوم پەست بوو، نەمویستبوو بۆ دایکمی بگێڕمەوە، تەنانەت ڕووی گێڕاندنەوەکەیشـیم نەبوو، کاتێ زانیم ئەویش بیسـتوویەتی ئەو کارە و "م" هێندەی تر لە بەرچاو قیزەون بوو. دایکم بریندار بوو بەر خنجێری قسـە و ڕەفتار کەوتبوو. لەنێو سـەرمدا وەک شیوێکی چۆڵ و هۆڵ وشـەی دایکەخۆگێ دەنگی دایەوە و جاریکی تر بیسـتمەوە، دوو جار خۆگێ هاتەوە ناو سـەرم و خەریک بوو بیتەقێنێ.

هێزی دەسـبردنم بۆ هیچ شـتێک نەبوو، هیچ کتێبێک داڵغەکـانمی دوور نەئەکردەوە و خەمەکـانمی نەئەڕەوانـدەوە، تەنیـا شـتێ کە ئەیتوانی هەموو شـتێکم لە بیر بباتەوە و پەردەپۆشـی بکا وەک ئەوەی هیچ شـتێک ڕووی نەدابێ خەو بوو، خەوتم.

بەیانی تۆزێک درەنگتر لە جاران خەبەرم بووەوە. لە سـەر ئاودەسـتخانەکە بووم، شـێری ئاوەکەم کردبوۆ تا پیسـی و گمیزەکەم لەگەڵ خۆی ببات، ماتم کردبوو، ئارام و لە سـەرەخۆ خەریکی خۆ خاڵی کردنەوە بووم، ماوەیەک بوو لە بیری ئەوەدا بووم کاتی دانیشـتن و پیسـی کردنەکانم بخەمە قاوەتوون، سـەرەت بەیانی و دوای خەبەربوونەوە وەختێ باش نەبوو و لە ڕۆیشـتنە دەرەوە بۆ دەر و دەشت دوای ئەخستم، بەتایبەت دانیشتنەکانی من کە بڕێجار کفنیـان بۆ ئەبڕیم تـا ئەهـاتمە دەرەوە، بە ئـاوەکە کـایەم ئەکرد و ئەو داحبـا چکۆلانەی لە کاسـەکەوە هاتبوونە دەر کە لە مچ و مێش ئەچوون جارێکی تر

به دەم ئاوەوەم ئەدان و ئاو ئەیبردن، یا تاڵێک موو کە لە کاســـەکە کەوتبوو ئاوەکەم لێ ئەگرت.

دایکم بەپەلە درگای بەرهەیوانەکەی کردەوە و لەگەڵ کردنەوەیدا وتی؛ ڕاکە شـەڕە، ڕاکە. خێرا شـلنگی ئاوەکەم لە خۆم گرت، ویسـتم هەڵسـمەوە گوویەکی جێماوی ناوادە یەخەی گرتم، زانیم کاتم زۆر بەفیڕۆ داوە لە ئاودەســـخانەکە، ناچار دانیشـتمەوە، تەقەی تفەنگێ لە دەرەوە تەکانێکی پێدام، زۆرم کرد و تینم داو خێرا لە کۆڵ خۆمم کردەوە، بەپەلە ڕامکردە دەرەوە، ئەو تکە ئـاوانەی بە ناوگەڵمەوە بوون تک تک ئەتکانە خوارەوە، هەر درگاکەم کردەوە لە ســـەر کۆلانەکەی خۆمان چەن کەس ئەملاولای " م" یان گرتبوو و بەرەو ماڵ خۆیان ئەیان بردەوە، یەک چرکە دیم، تەورداسێک لە دەسیا، ڕەنگی سپی هەڵگەڕابوو، بێ قسـە لای ئەکردەوە بەرەو شـوێنی شـەڕەکە، توند هەناسـەی ئەدا، خێرا بە پاڵ پێوەنان دووریان خســـتەوە، ئەینەڕاند بۆ نەمرم ئەو حیزانە زاڵ بن بە سـەرما. نەتەزانی لە کێ پرسـی چی ڕووی داوە، " م" شـەو تا درەنگ وەخت لە ماڵی ئێمە بوو و بە کەیفەوە دەمی لە خەڵک لار کردبووەو، لەم شیرەی مەلاژنا ئەم شەڕە بە کویا هەڵگڕاوە.

بەرەو شـــوێنی شـــەڕەکە چووم، کۆتایی پێ هاتبوو، "ح" لە نینۆکی پێیەوە تا تەوق سـەری برین و خوێن بوو، خوێنەکەم ئەدی لە سـەر کراسـەکەی و شـان و سـینگیەوە قوڵپی ئەدا و ئەهاتە دەرەوە، خوێن تاڵەقژەکانی بەیەکدا لکاندبوو، خوێنەکە زیاتر ڕەشـــی ئەنواند تا ســـوور، هەســـتم کرد تا چرکەیەکی تر بە عەرزدا ئەکەوێ، کەوت. "ح" خرایە مـاشـــینێکەوە و لە دێ دوور خرایەوە و بەرەو نەخۆشخانە بەڕێ کرا.

خەڵکەکە ئارام بووبوونەوە دوای شـــەڕەکە، ئاشـــتییان لەگەڵ دەروونی خۆیانا کردبوو، کێ خۆی بە نزیک لە ماڵی شـــەڕکەرەکان ئەزانی هەرکەســـە و چووە مـــاڵی نزیکەکـانی خۆی، لە هەرکەســــم ئەپرســـــی چی ڕووی داوە وڵامم نەئەدرایەوە، وایـان ئەزانی من ئـاگـادارم لەســـــەر چی بووە، نەئەکرا بڵێم لە ئاودەس بووم ئەم ئاژاوە نراوەتۆ. من و دایکم گەڕاینەوە بەرەو ماڵ خۆمان.

٣

ڕاســتییەکەی من هیچم نەدیبوو جگە لەوەی ئێوارەیەکی دێر، تاریکان ئەو کچە لەو ماڵە گەڕابووەوە، ئەوەی منی خســــتبووە گومانەوە دێر وەخت بوون و درەنگ ڕۆشتنەوەی بوو، بە تایبەت کە زانی من بینیومە ماوەیەکی فرە شەرمی لێ ئەکردم و خۆی لێ ئەشـاردمەوە، یا کاتێ ئەیدیم ڕێزێکی زۆری لێ ئەگرتم، هیچ بە ڕوویدا نەم دەهـانی کە گوایە گومـانم لێ کردووە، نەمئەویســــت لێم بترسێ گەورەترین حەشاری خۆ شاردنەوەی ژن ترسە، نەمویستووە هیچکات ژن بکەمە ئەو حەشـــارەوە و لە پشـــتمەوە بیر بکاتۆ و بڕیار بدا. تەنانەت ئەو شـەوە ئەم قسـانەشـم بۆ "م " نەگێڕایەوە، بۆ دلنیا بوونی پێویسـتی بەم قسـەی منە نەبوو.

وتی گشـــتی کاری ئەو ژنەس کۆنەحیز و کۆنەدەڵاڵە، ژن ژێر دەوارەکەس، کێشـاویەتییە ڕاو بۆ کوڕەکەی خۆی، تۆ نازانی ژن تەنیا بە ژن حیز ئەبێ، ئەو کچەش خۆی تەوری لەقە، مناڵ و نابەڵەوە، هەســـــتایەوە ســــەر پێ پزووی پانتۆڵەکەی گرتوو و بە جێی چاکی کەوکەی ئەو لاری کردەوە و وەک خۆی لاسایی کردەوە چۆن سڵاو و هەواڵ پرسی ئەکات، کەمێ قوونی وەک ئەو لار

کردبووەوە و دەریپەڕانـدبوو، کە گوایە ئەوان هەروا بەڕێز و دەم و لەفز خۆشـــن، نەرم و نیانییەکەی مار لە کون یەنێتە دەر، ئەو زوانییە نەرمە بڕەی جەرگە بڕەس، کچەکەش تێکەوتووە، گوڵی داوە، خســـتوویەتیە تەڵەوە، وردە وردە کێشاویەتییە ڕاو، دوو ساڵە بناری داوە و بە چاو و برۆیا هەڵەدا، ژنیش کەرە چوار جـار بڵێ جوانی ئەڵێ جوانم و ئەتپەرەســـتێ، ڕۆژێ دە جۆش کوتەکی لێ بدە و دواییا پێیدا هەڵبدە لە بیری نـامێنێ. بە بنەمـاڵەیی وەهـان دەلالی یەکن و هەوســـار بۆ یەکدی ئەگرن. کچەش خۆی وەهایە، تەیری گول عاشق بە داری ژەقنەمووتە، وێڵ کراو و هەوسار چڕاوە.

دایکم لە بەینا وتی بنیام تا بە چاوی خۆی شـتێ نەبینێ گوناحە ناوی ببات، کەس دۆس کەس نییە و ئەم خەڵکە لە نـاتـاشـــیـاو ئەتـاشـــێ، جگەرەیەکی داگرســاندوو و بۆڵەیەکی لێوە هات بە دوایا وتی کارمان بەســـەر کەســۆ نییە بۆســـــێ ڕێ پاک بێت خۆمانی پیا بچین، کەس لەم دنیا بە پاک نەماوە. ژێر جگەرەکەی تۆزێ جێبەجێ کرد و توێخڵێ شـــکاوی چکۆلەی تۆمی لە ســـەر قاڵییەکە چنییەوە و کردیە ناویەوە.

تەلاقم کەوتبێ لەم دنیا تەماحیان پێت نەبێت بمری لات لێ ناکەنەوە، خەڵک یا لەبەر پووڵ یا لەبەر ژنت یا کچت، شـــتێکت پێوە شـــک ئەبەن، ئەنا کەســـی خاس کەس درگای لێ ناکاتەوە، ئەستەمە بێ تەماح گەرم بیگرن لەگەڵتا، لەگەڵ منا بۆ وانییە، لەگەڵ تۆیا بۆ وانییە، خراوین، یا ژن و کچ جوانمان نییە.

ڕۆژێ دە جار کچە خۆی بەماڵیانا ئەکا لەبەر چییە، کوڕە کونیەکەشـــی دایمە وەک دەڵە گورگ لە ماڵۆ خۆی حەشـارداوە. کاتێ وای ئەوت بە بیرما چوو کە ســـڵاوی کورد بێ تەماح نییە، چیرۆکێکە و هەزار قســـە وەک قســـەکان "م" ئەگێڕیتۆ. وتم کورد و ســـڵاو، بە خۆمم وت، من هەمیشـــە قســـەکانم بۆ خۆم کردووە، تەنانەت کاتێکیش قســـەم بۆ کەســـێ کردووە لەگەڵ خۆمم بووە. ئەمە ڕۆژەکەس دێر یا زوو ســـک پڕیە کات، بە چاوی خۆمان ئەیبینین، ڕۆژێ دوو سەعات هالە باخەڵیا، بەردبباریێ هیچ ژنت نەبێ.

دیار بوو ئێمە تەنیا ماڵ نەبووین ئەو قســـانەی تیاگێڕیابێتەوە، دوایین ماڵ بووین، دڵنیـام دوایین مـاڵ بووین، دوایین شــــەوێ بوو ئەو قســـــانەی تیـا ئەگێڕیایەوە، لە هەرچی ماڵا کۆن بوو بوو جگە لە ماڵی ئێمە، قسـە کەوتە سـێ و دوو دیانە ئەکەوێتە ســـــی و دوو ماڵە، بە هەرکە بگەشـــتایەی قســـــەیە نەبیستراوی پێ بوو لێیان، بوو بووە جاچکە خۆشەی دەمی هەمووان.

ئەو شــــەوە کاتێ بەڕێم کرد وتم داینێین ڕاســـــتیش بن خۆ ئێمە خۆمان هیچمان نەدیوە، وتی دڵنیابە لەم دنیا ئەوەی ئەیبیسـتی لەوەی ئەیبینی ڕاسـتتر و زۆرتر و تەواوترە، پشتی تێکردبووم و بە لادا بە پەلەکاندا ئەچوە خوار. وتم سەرچاو هاتی و درگاکەم پێوە دا.